سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا داوای لە وڵاتانی جیهان کرد دان بە دەوڵەتی فەڵەستین بنێن

سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا پێدرۆ سانچێز پابەندبوونی وڵاتەکەی بە پشتیوانیکردن لە دەوڵەتی فەڵەستین دووپاتکردەوە لەئێستا و داهاتوو و داوای ئاگربەستی دەستبەجێی لە کێرتی غەززە و لوبنان کردەوە.

ئەمەش دوای ئەوە هات کە پێدرۆ سانچێز چوار ڕەکەکەوتنی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی فەڵەستین مەحەمەد مستەفا لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا واژە کرد کە دامەزراندن و پەروەردە و گەنجان و کشتوکاڵ دەگرێتەوە.

سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا ئاماژەی بەوەدا کە ئامانجی ئەم ڕەکەکەوتنانە یارمەتیدەرە بە بەهێزکردنی پێگەی فەڵەستین وەک دەوڵەتێک لەسەر ئاستی جیهان و داوای لە وڵاتانی دیکە کرد کە نموونەی ئیسپانیا بگرنەبەر و داوای لە وڵاتانی ئەورووپا کرد دان بە دەوڵەتی فەڵەستین بنێن.

حکومەتی ئیسپانیا کە بڕیاری داوە لانی کەم 75 ملیۆن یۆرۆ بە پاڕەپشتی فەڵەستین لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا تەرخان بکات، ئاشکرای کرد کە ئامانج لە چوار ڕەکەکەوتنەکە پەرەپێدانی خێشگوزەرانی و گەشەسەندن لە هەردوو وڵاتە.